# ئەو پاوەربانکانەی تەنیا بۆ یەکجار بەکاردێن

ئەوانـەی تەبلێت یـا مۆبایلیان هەیە و زۆری بەکاردێنـن دەزانـن پاوەربانـك چییە، لە راسـتیدا باترییەك كە دەكرێت دوایی نەبوونی هیچ وزەیەك مۆبایل یا تەبلێت و لاپتۆپەکەت شەحن بکاتەوە. پاوەربانکەکانیش خۆیـان بـە کارەبـا شـەحن دەکرێنـەوە و کارکـرد و توانـا و قەبارەیان جیاوازە، بەڵام رەنگە بۆتان سەیر بێت کە دەڵێین پاوەربانك هەیە تەنیا یەکجار سوودی لێوەردەگیرێ و دواتر فـڕێ دەدرێ.. پـاوەر بانکـی جۆری (Powrt-abs) لـەم جۆرە پاوەربانکانەیە. ئـەم پاوەربانکانە لە سێتی، سێ دانەیی، شەشی، و دوازدە دانەیی دایـە، هـەر دانەیـەك دەتوانـێ چـوار هەتـا پێنـج کاتژمێـر وزە دابین بکات. پاوەربانکەکان بچووکن و لە بەرکدا جێگایان دەبێتەوە.





# کاتژمێرێک بۆ چاودێری پێست

رەنگە زۆربەتان ئەوە بزانن کە تیشکی خۆر زیانێکی زۆر بـە پێسـت دەگەیەنـێ چونکـە تیشـکی سـەرووی بنەوشـی کـە لـە خـۆرەوە بـۆ ماوەیەکـی درێژخایەن بە پێست دەکەوێ دەبتە هۆی شێرپەنجەی پێست. رێگای تەندروستی و دەرمان و چارەسەری تەندروستی هەیە بۆ خۆپاراستن لە تیشکی سەروی وەنەوشی.

لـەم دواییـەدا کاتژمێـری جـۆری (O'We) بەرهـەم هاتـووە کـە پێشـگیری دەکات لـە تیشـکی سـەرووی وەنەوشی.

کاتژمێرەکە هەسـتەوەری تایبەت بە ناسینی تیشکی ئامـاژە بـۆ کـراوی هەیە ئەگەر خەڵـك زیاتر لە رێژەی خۆی بکەوێتە بەر ئەو تیشکە ئاگاداری دەکاتەوە. دیارە ئـەوە یەکێکـە لـە ئەرکەکانـی، ئەگینا ئەرکـی دیکەی وەك پێوانـی هەنـگاوەکان، مـەودای رۆیشـتن، کالۆری سـووتێندراو، دیاریکردنـی کاتـی خـەوی بەکارهێنـەر و چەند ئەرکێکی دیکەش ئەنجام دەدات..



# رۆبۆت لەبری گیانداری ماڵەوە


لەمەولا سـەگ و پشـیلە و گیانداری دیکە لە ماڵەوە راناگێردرێن بەڵکو رۆبۆتی تایبەت کە هەروەك گیانـداری ماڵـەوەن و ئەرکەکانـی ئەوانیـش ئەنجـام دەدەن لە ماڵـەوە کاتتان لەگەڵ بەسـەر دەبەن. یەکێك لـەو رۆبۆتانـە، رۆبۆتێکـی چینیـە بەنـاوی (domoge). دۆمۆگـە رۆبۆتێکە بـە کاروکـردەوەی گیانداری ماڵەوە، رۆبۆتەکە روخسارت دەناسێ، کامێرایەکی k5ی لەسەرە، شاشەیەکی لەمسی هەیە هەرکام لە ئەندامانی ماڵەوە دەناسێتەوە.

بەکارهێنـەر دەتوانـی فەرمانی پێبکا کە وەدوای بکەوێ. دەتوانێت وەك سـەگێکیش پاسەوانی ماڵەوە بکات، کاتێك کەسێکی بێگانە دەبینێ دەستبەجێ وێنەی دەگرێ و بۆ مۆبایلی بەکارهێنەرەکەی دەنێرێ. بە دوو زمانی چینی و ئینگلیزی قسـە دەکات رەنگە لەداهاتوودا بە دە زمان قسە بکات.




# لە شەڕیشدا پێویستمان بە لاپتۆپە

گشتمان ئەو راستییە دەزانین لاپتۆپەکان ناسک و هەستیارن بۆ شوێنە پڕ مەترسییەکان ناگونجێن، نەك شوێنی پڕ مەترسی لاپتۆپ هەیە دەبێ لە شوێنە ئارامەکانیش بە لەسەرەخۆیی کاری پێبکەی. کۆمپانیای پاناسۆنیك لەم ماوەیەدا لاپتۆپی جۆری Tough-book 33 بەرهەم هێناوە کە تایبەتە بە گۆڕەپانی شەڕ. لاپتۆپێك کە هەم تەبلێتە و هەم لاپتۆپ. شاشەکەی ١٢ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی 2Kیە کە زۆر لەسەرێیە. لاپتۆپەکە بە دەستی تەڕ یان دەستەوانەش وەڵامدەداتەوە. لاپتۆپەکە فەرماندەکانی شەڕ بۆ نیشاندانی نەخشەکانیان سوودی لێوەردەگرن، لاپتۆپێك کە لە سوپادا بێت دەبێت خێرایشی لەسەرێ بێت بۆیە یەکەی لێکدانەوەی نەوەی حەوتەمی ئەنتەلە و رامەکەی ١٦ گیگابایتە، تەبلێت لاپتۆپەکە دوو کامێرای هەیە کامێرایەکی شەوی لەگەڵدایە بۆ شوێن و کاتە تاریکەکان، بەویستی بەکارهێنەریش دەکرێت پارچەی دیکەی بۆ دابندرێ، سروشتیە کێشی لاپتۆپێکی بەهێزی ئاوا هەندێك لەسەرێ بێت کێشەکەی دوو کیلۆ و نیوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی هەڵبگیردرێت لەسەرەوەی دەستەیەك داندراوە کە هەڵگرتنی ئاسان بێت. Toughbook 33 دوو باتری تێدایە و هەرکاتێك یەکێکیان تەواو بێت ئۆتۆماتیکی ئەوەی دیکە کار دەکات.





# کامێرای دوگمەیی تایبەت بە منداڵان



لەجیهانی کامێرا دا هەر رۆژە مۆدێلێکی نوێ بەرهەم دێت، سەردەمەکە وای لێهاتووە مرۆڤەکان نایانەوێ کاتە هەستیاریەکانیان لە دەست بچێت، جار هەیە دیمەنێك دێتە پێش هەتا کامێرای مۆبایلەکەت یان کامێرای دیکە دەکەیەوە کاتت دەڕوات، بۆیە کامێرای تایبەت بەو کاتانە بەرهەم هاتوون کە بەکارهێنەر پێویست ناکات کامێراکە دەربهێنێ یان بیکاتەوە چونکە بەردەوام کراوەن و لەگەڵ بەکارهێنەرەکانیان دان، کامێرای جۆری Benjamin Button کە وەك دوگمەیەکی گەورە دەچێت زیاتر منداڵان سوودی لێوەردەگرن.

کوالیتی کامێراکە فوول ئیچ دییە، وەك زۆربەی کامێراکانی دیکە تایبەتمەندی ناسینەوەی روخساری هەیە، هەروەك لەناوەکەی را دیارە کامێراکە وەك دوگمەیەك بە جلی منداڵەکانەوە دەبەسترێنەوە و بە ئاسانی فیلم هەڵدەگرێتەوە. میمۆری ناو کامێراکە ١٦ گیگابایتە، هەستەوەرێکی تێدایە کە بە دەنگی پێکەنین و خۆشی هەستیارە و روخسار و دیمەنە خۆشییەکان دەناسێ و فیلمیان لێ هەڵدەگرێتەوە. کێشی کامێراکە تەنیا ٦٥ گرامە و رەنگەکانی جۆراوجۆرن و بە تەڕبوون تێکناچێت.



## فێربوونی نیگارکێشان

پرۆگرامێکی زۆر بەمەبەستی فێرکردن و ڕاهێنانی ئەو کەسانەی حەزیان لە نیگارکێشانە بەرهەم هاتووە، لەگەڵ گشتگیربوونی مۆبایلە هۆشمەندەکان ئەو پرۆگرامانە زیاتربوون و تایبەتمەندی زیاتریان هەیە..
نوێترین پرۆگرامی ئەو بوارە پرۆگرامی Sket-chA. پرۆگرامەکە وەك هیچ پرۆگرامی دیکە ناچێت، چونکە ئەوەندە ئاسانکاری تێدایە بەکارهێنەر بەبێ گرفت دەتوانی وێنە بکێشێتەوە.. پرۆگرامەکە خۆی سەدان وێنەی تێدایە بەڵام هەر وێنەیەکیش کە

## کامێرای سەد میگا پیکسلی و تایبەتمەندییەکانی



## هاردێکی پۆرتێبڵی زۆر بەهێز

هاردی پۆرتێبڵ یا هاردی «ئیکسترنال» کارئاسانییەکی زۆریان کردووە بۆ داکردن و هەڵگرتنی داتا و زانیارییەکان، کێشەیەك لە هاردەکاندا هەبێت ئەوەیە بە بەرکەوتن و تەڕبوون زوو تێکدەچن.. هەرچەندە هاردی دژە بەرکەوتن و تەڕبوونیش بەرهەم هاتوون یەکێك لەم هاردانە، هاردی جۆری AC730 تایبەتە بە شوێنە نیزامیەکان و بۆیە لە ئاست زەختی زۆر، بەرکەوتن، تەڕبوون، تۆز و خۆڵ و شوێنە نیزامییەکان زۆر خۆراگرە.
هاردەکە لەلایەن سوپای ئەمەریکاوە تاقیکراوەتەوە و زەختێکی تەن و نیویان لەسەرداناوە و کێشەی نەبووە و خراوەتە دەریاوە و هیچی لێنەهاتووە. لە بواری قەبارەی هەڵگرتنی داتاکان لەم هاردەدا دوو جۆری هەیە ۱ ترابایت، ۲ ترابایت. خێرایی ڕاگواستنی زانیارییەکان ٥ گیگابایتە لە چرکەیەکدا.

## هەر چارە و وەڵامی پرسیارێك




**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت هۆکاری چییە ماوەیەکە لاپتۆپەکەم گەرم دادێت ڕێگا چارە چییە؟**

خوێنەری بەڕێز هۆکاری گەرم داهاتنی لاپتۆپ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوەکە ڕەنگە پانکە «فەن»ەکەی وەك پێویست کار نەکات یان تۆز و خۆڵ دەوروبەری پەڕەکانی گرتبێت. دەکرێت ژێر لاپتۆپەکە نارێك بێت یان لەسەر شتێکی ڕەق داندرابێت کە ئیزن نەدات هەواکەی بچێتە دەرەوە، یان ڕەنگە بەو هۆیەوە بێت کە شوێنی دانیشتنت گەرمە بەتایبەتی لە وەرزی گەرمادا..




# بە شێوەیەکی ئاسان

مەبەستە دەتوانی بیدەی بە پرۆگرامەکە.. دواتر لەسەر کاغەزێکی A4 دەبێ سێ بازنە بکێشیەوە بازنەیەك لەلای راست و یەکێش لای چەپ و یەکتی دیکەش لە خونارەوە. کامێرای مۆبایلەکە خۆی لەگەڵ ئەو بازنانە دەگونجێنێت.. قەڵەمەکەت لەکاتی وێنەکێشانەکەدا لەسەر شاشەی مۆبایلەکە دەردەکەوێت.. دواتر بەپێی پرۆگرامەکە دەچیە پێش.. لە ماوەیەکی کەمدا دەتوانی وێنەی سەر مۆبایلەکە لەسەر کاغەزەکە بکێشیەوە.



# موبایلێکی زیرەک بە هەفتە شەحنی ناوێت

کێشەیەکی گەورەی مۆبایلە هۆشمەندەکان ئەوەیە کە دەبێ لانی کەم رۆژانە جارێك شەحن بکرێنەوە و ئەگەر زیاتریش کاریان پێبکرێ رەنگە زیاتریش لە جارێکیش بێت.. ئەو کێشەیە بۆ مۆبایلی جۆری Oukitel K10000 Pro وا نییە، ئەو مۆبایلە لە مانگێکدا تەنیا چوار جار شەحن دەکرێتەوە و هەفتانە جارێك بەسە بۆ شەحنکردنەوەی.. ناوی مۆبایلەکەی لە خودی باترییە بەهێزەکەی وەرگیراوە، K10000 باترییە بەهێزەکەی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ستایلی مۆبایلەکە تێکبچێت و وەك مۆبایلە ئاساییەکانی دیکە وایە، ستایلی مۆبایلەکە بەمجۆرەیە پشتەکەی چەرمە و چوارچێوەکەی پوڵای دژە ژەنگە. شاشەکەی ٥,٥ە، کوالیتی فول ئیچ دییە، تایبەتمەندییەکانی دیکەشی لە ریزی مۆبایلە مام ناوەندەکان دێت.

گرنگترین بەشی کامێرا بۆ وێنەگرتن میگاپیکسلیەتی، هەتا میگاپیکسل لەسەرووتر بێت کوالیتی وێنەکان جوانترە، دیارە لە وێنەیەکدا هەر میگاپیکسل رۆڵی نییە بگرە خێرا فۆکسکردن و زوومی بەهێزیش رۆڵی خۆیان دەبینن، بەڵام کە کامێرا سەد میگاپیکسل بێت دەبێت چاوەڕوانی وێنەی زۆر تایبەتی لێبکرێت..

کامێرای سەد میگاپیکسلی A6D کە هی کۆمپانیای «هاسل بلاد»ە و کامێراکانی کۆمپانیای ناوبراو زیاتر بۆ وێنەگرتن لە شوێنە دوورەکانەوەیە وەك لە فڕۆکە و کۆدایتەر و شوێنە بەرزکانەوەیە.

کامێراکە تایبەتمەندییەکانی گەلێکن بۆ وێنە دەتوانرێت لە یەك کاتدا ٨ کامێرای دیکەی پێوە ببەسترێنەوە. هەروەها ساپۆرتی میمۆرییە زۆر خێراکان دەکات. کامێرای ناوبراو فیلتەری سەرووی تیشکی سووری بۆ دادەنرێ.




# سایتێک بۆ بەهێزکردنی زمانی ئینگلیزی

ئەوانەی ئۆگر و خولیای فێربوونی زمانی ئینگلیزین لە چەندین رێگاوە هەوڵ دەدەن، گەلێك سایتی باش و بە سوود بۆ فێربوونی ئەو زمانە لە ئینتەرنێتدا هەیە، هەندێك لە سایتەکان کە پێشووتریش ناساندوومان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بە سوودن. یەکێك لەو ماڵپەڕانەش سایتی Speaking24یە. ئەم سایتە بۆ ئەوانەیە کە هەندێك شارەزان و دەیانەوێ لەگەڵ کەسانی دیکە قسە بکەن.. کاتێك سایتەکە دەکەیەوە و هەڵسەنگاندنت بۆ دەکات پاشان پێشنیاری لیستی ئەو کەسانە دەکات کە دەتوانی لە سایتەکەدا قسەیان لەگەڵ بکەی..